لە بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

بیروباوەڕی ڕاستەقینە

و

دژەکانی

نووسینی

الشيخ عبد العزيز بن عبد الله بن باز

وەرگێڕانی

ماموّستا : خليل أحمد

چاپی سێیەم ١٤٣٢ ك

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صالّح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

ماڵپەری بەهەشت

ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

ئامانجمان:

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.

ستافی ماڵپەڕی بەهەشت

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی وەرگێڕ :

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ [آل عمران] .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ [النساء] .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ [الأحزاب] .

أَمَّا بَعْدُ : فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

خوێنەری خۆشەویست ، ماوەیەکی زۆرە بە تەمام خزمەتێك لە بورای بیروباوەڕی ئیسلامیدا بکەم ، بە تایبت بیروباوەڕی ڕاستەقینەی ئەهلی سوننە ، چونکە بە ڕاستی بیروباوەڕ وەکو سەر وایە بۆ لاشە ئەگەر نەبێت ئەویش هیچ نرخێکی نابێت .

لای هەموو کەسێکی خاوەن فام و ژیری ئاشکرایە کە بیروباوەڕ لە ژیانی موسڵمانداا چ ڕۆڵ و بەهایەکی هەیە ، لە کاتێکدا بنچینەی یەکەم لە بانگەوازی هەموو

پێغەمبەران لە (**نوح**)ەوە تا (**محمد**) ـ سڵاوی خوایان لە سەر بێت ـ بریتی بووە لە یەکخواپەرستی و ڕاستکردنەوەی بیروباوەڕ ، ئەمە مەبەستی یەکەم بووە لە بانگەوازەکەیان ، کە دەبێتە مایەی چاکبوونی دونیا و ڕۆژی دوایی خەڵك ، چونکە ئەگەر بیروباوەڕیان ڕاستەقینە بێت ئەو کاتە هەموویان مل کەچ و گوێ ڕایەڵی خوا دەبن ، و دەست بە پەیامەکەیەوە دەگرن و بەم هۆیەوە ژیانی دونیا و ڕۆژی دواییان خۆش دەبێت .

کەوابوو هەر گوفتار و کردار و بانگەوازێ لە سەر ئەم بنچینەیە بنیات نەنرێ ئەوا بانگەوازەکە خاڵی نییە لە کەموکوڕی ، وە مەترسی ئەوەی لێ دەکرێت کە ئاکام و سەرئەنجامی نەمان و لە ناوچوون بێت ، یان لادان و گومڕابوون لە ڕاستە شەقامی ئیسلام (**الصراط المستقيم**) ، یان هەردووکیان پێکەوە ، چونکە ئەمە بنچینەیەکی گەورەیە لە بنچینەکانی ئاینی ئیسلام ، هەرکاتێك خەڵکی لە هەر سەردەمێکا لێی بێ ئاگا بوون کەوتوونەتە هەڵدێری شیرك و بیدعەوە .

لە بەر هەموو ئەمانە بەئەرکی سەرشانی خۆمم زانی کە هەرچیم لە تونادایە بیخەمە گەڕ بۆ ئاشناکردنی موسڵمانان بەم ڕاستیەیە ، جا دەستم کرد بە ڕێکخستنی ئەم پڕۆژەیە و ناوم لێنا (**زنجیرەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە**) ، کە بریتییە لە وەرگێڕان و شەرح و لێدانەوەی ژمارەیەك کتێبی بە سوود دەربارەی بیروباوەڕی ئەهلی سونە و جەماعە لە نووسینی زانایانی هەمان کۆمەڵ ئەو کتێبانەش بریتین لە :

١ ـ **بیروباوەڕی ڕاستەقینە و دژەکانی ... نووسینی / شێخ ابن باز ... وەرگێڕان** .

٢ ـ یەکخوا پەرستی ... نووسینی / شێخ محمد عبدالوهاب ... شەرح .

٣ ـ نەهێشتنی گومان ... نووسینی / شێخ محمد عبدالوهاب ... وەرگێڕان و لێکدانەوە .

٤ ـ عەقیدەی واسطی ... نووسینی / شێخی ئیسلام ابن تیمیة ... شەرح و وەرگێڕان .

٥ ـ عەقیدەی طحاویة ... نووسینی / الطحاوي ... شەرح .

٦ ـ الإبانة عن أصول الديانة ... نووسینی / أبو الحسن الأشعري .

جا خوایە داوات لێ دەکم یارمەتیم بدەیت بۆ تەواو کردنی ئەم پڕۆژەیە و لە هەڵە و لادان بمپارێزی و نیەتم پاك بکەیتەوە بۆ ئەوەی تەنها مەبەستم لەم کارەمدا تەنها تۆ بێ ، پاشان سوودی بۆ هەموو موسڵمانان هەبێ ، وە لە بەر گەورەیی خۆت بەرەکەت و فەڕ بخەیتە ئەم کارەوە ، خوایە ئەگەر لە شتێکدا ڕاستم کردبێت و پێکا بێتم ئەوا یارمەتی تۆیە ، وە هەر تاوان و هەڵەیەکم کردبێت ئەوە لە خۆم و شەیتانەوەیە .

لە شەوی چوار شەمە پاك نووسکرا

لە بەرواری ٢٩ ذي القعدة ١٤١٩ ك

بەرامبەر ١٧ ی ئازاری ١٩٩٩ م

لە کەلار

ماموّستا : خليل أحمد

ژمارەی مۆبایل : (٠٧٧٠١٥٨٠٥٢٢)

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاس و ستایش بۆ خوا ، دروود و سڵاو بۆ سەر گیانی پێغەمبەر ﷺ و کەس و کار و هاوەڵانی بە گشتی .

پاش ئەوە : لە بەر ئەوەی بیروباوەڕی ڕاستەقینە بریتیە لە بنچینە و بنەمای ئاین و شەریعەتی ئیسلام ، بە چاکم زانی بابەتی ووتارەکەم ئەوە بێ و دەربارەی ئەو ڕاستیەیە بدوێم ، وە لای هەموو کەس ئاشکرایە بە بەڵگەی شەرعی لە قورئان و سوننەت کە گوفتار و کردار کاتێ وەردەگیرێ ئەگەر لە بیروباوەڕێکی ڕاستەقینەوە دەرچووبێ ، ئەگەر نا ئەوا هەموو ئەو لقانەی لێی دەبنەوە لە وتە و کردەوە بەتاڵ دەبنەوە و وەرناگیرێن ، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿وَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلۡإِيمَٰنِ فَقَدۡ حَبِطَ عَمَلُهُۥ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٥﴾ [المائدة : ٥] .

واتە : هەر کەس لە باتی باوەڕهێنان ، ئینکار و کوفر بکات ، کار و کردەوەکەی باتڵ و بێشوێنە و لەو دواڕۆژیشدا لە خەسارەتمەندانە .

وە دەفەرموێ : ﴿وَلَقَدۡ أُوحِيَ إِلَيۡكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكَ لَئِنۡ أَشۡرَكۡتَ لَيَحۡبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٦٥﴾ [الزمر] .

واتە : بە حەقیقەت بۆ تۆ و بۆ پێغەمبەرانی بەر لە تۆش وەحی نێردراوە ، ئەگەر هاوبەش بۆ خوا دابنێی کردەوەت بەتاڵ دەبێ و لە خەسارەتمەندان دەبی.

وە چەندین ئایەتی تر لەم ڕووەوە هاتوون .

قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بەڵگەن کە بیروباوەڕی ڕستەقینە بە کورتی : بریتییە لە باوەڕبوون بە خوا و فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرانی و ڕۆژی دوایی و باوەڕ بوون بە قەدەری چاك و خراپ .

ئەم شەش بنچینەیە بنچینەی ئەو بیروباوەڕە ڕاستەقینەیەن کە قورئانی پیرۆز پێی دابەزیوە و خوا پێغەمبەری پێ ناردووە ﷺ .

هەموو ئەوانەی کە پێویستە باوەڕیان پێ بهێنرێ لە شتە نادیارەکان و ئەوانەی خوا و پێغەمبەر هەواڵیان پێ داوین دەگەڕێنەوە سەر ئەم شەش بنچینەیە و لێرەوە سەرچاوە دەگرن ، **بەڵگەی ئەم شەش بنچینەیەش لە قورئان و سونەت دا گەلێ زۆرن ، لەوانە :**

ئایەتی: ﴿لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلْكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّۦنَ ... ﴿١٧٧﴾﴾ [البقرة].

واتە : چاکی تەنها بەوە نییە کە لە کاتی نوێژدا ڕووبکەنە خۆرهەڵات و خۆرئاوا بەڵکو چاکە ئەوەیە باوەڕ بە خوا و ڕۆژی دوایی وفریشتەکان و کتێبەکان و پێغەمبەران بێنن ...

وە ئایەتی : ﴿ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّن رُّسُلِهِۦۚ ... ﴿٢٨٥﴾﴾ [البقرة] .

واتە : پێغەمبەر و باوەڕداران باوەڕیان هێناوە بە هەموو ئەوانەی لای پەروەردگاریەوە بۆی هاتووە ، هەموویان باوەڕیان بە خوا و فریشتەکان و کتێبەکان و پێغەمبەران هەیە و هیچ جیاوازییەك لە نێوانیاندا ناکەن ...

وە ئایەتی : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ءَامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلَّذِي نَزَّلَ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ مِن قَبۡلُۚ وَمَن يَكۡفُرۡ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلَۢا بَعِيدًا ﴿١٣٦﴾﴾ [النساء] .

واتە : ئەی کەسانێ کە باوەڕتان هێناوە ، باوەڕی ڕاستی بێنن بە خوا و بە پێغەمبەری خوا و بەو کتێبەی کە دابەزیوە بۆ پێغەمبەرەکەی ـ واتە : قورئان ـ ، وە بە کتێبێ کە بەر لە قورئان ناردوویەتی ، هەر کەسێ بێ باوەڕ بێ بە خوا و فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرانی و ڕۆژی دوایی ئەوە گومڕا بووە گومڕایەکی دوور لە هەق .

وە ئایەتی : ﴿أَلَمۡ تَعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۗ إِنَّ ذَٰلِكَ فِي كِتَٰبٍۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ﴿٧٠﴾﴾ [الحج] .

واتە : ئایا نازانی کە بە ڕاستی خوا ئەوەی لە ئاسمان و زەوی دایە دەیزانێ ؟ چونکە هەموو ئەوانە لە کتێبێك دا نووسراوە بە ڕاستی ئەوە لە سەر خوا ئاسانە ٠

بەڵام فەرموودە (صحيح)ـەکان گەلێ زۆرن ، لەوانە :

ئەو فەرموودە (**صحيح**)ـە بەناوبانگەی ئیمامی موسلیم لە (**صحيح**)ـەکەیدا ڕیوایەتی کردووە لە ئیمامی عومەرەوە ـ خوای لێ ڕازی بێ ـ کە دەفەرموێ :

((إِنَّ جِبْرِيلَ عليه السلام سَأَلَ النَّبِيَّ ﷺ عَنِ الإِيمَانِ ؟ فَقَالَ لَهُ : الإِيمَانُ أَنْ تُؤْمِنَ بِاللَّهِ وَمَلاَئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ)) [الحديث وأخرجه الشيخان من حديث أبي هريرة رضي الله عنه] .

واتە : جبریل پرسیاری کرد لە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی ئیمان ؟ ئەویش فەرمووی : ئیمان بریتیە لەوەی باوەڕت ببێ بە خوا و فریشتەکانی و پێغەمبەرانی و ڕۆژی دوایی ، وە باوەڕت ببێ بە قەدەری چاك و خراپ .

هەموو ئەوشتانەی کە پێویستە موسڵمان باوەڕی پێیان هەبێ وەکو باوەڕبوون بە خوا و ڕۆژی دوایی ، و شاراوەکان ، هەموو ئەمانە لەم شەش بنچینەیەوە سەرچاوەدەگرن :

بنچینەی یەکەم : باوەڕ بوون بە خوا

باوەڕبوون بە خوای گەورە بەوە ئەبێ ، کە باوەڕت ببێ خوای گەورە پەرستراوی ڕاستەقینەیە و شایستەی پەرستنە ، جگە لەو هیچ کەس و شتێکی تر شایستەی پەرستن نییە ، چونکە خوا بەدیهێنەری خەڵکییە و چاکەیان بەرانبەر ئەك او ڕۆزیان ئەدا و زانایە بە پەنهان و ئاشکرایان ، هەر ئەو تونای هەیە پاداشتی چاکە کارانیان بداتەوە و سزای تاوانبارانیشیان بدات .

خوای گەورە ئادەمیزاد و جنۆکەی تەنها بۆ پەرستن بەدی هێناوە، فەرمانیشی بەوە پێ کردوون وەکو دەفەرموێ : ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ مَآ أُرِيدُ مِنْهُم مِّن رِّزْقٍ وَمَآ أُرِيدُ أَن يُطْعِمُونِ ﴿٥٧﴾ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلرَّزَّاقُ ذُو ٱلْقُوَّةِ ٱلْمَتِينُ ﴿٥٨﴾﴾ [الذاريات] .

واتە : جنۆکە و ئادەمیزادم بۆ هیچ دروست نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە عیبادەتم بکەن ، ڕۆزیم لەوان ناوێ و ناشمەوێ خۆراکم بدەنێ ، بەڕاستی هەر خوایە ڕۆزی دەر و خاوەن هێز و دەسەلاّت .

وە دەفەرموێ : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعْبُدُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿٢١﴾ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ فِرَٰشًا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءً وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزْقًا لَّكُمْ ۖ فَلَا تَجْعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٢﴾﴾ [البقرة] .

واتە : ئەی خەڵکینە پەروەردگاری خۆتان بپەرستن ، ئەو پەروەردگارەی کە ئێوە و پێشینانی خولقاند بۆ ئەوەی خواپەرستی بکەن ، ئەو پەروەردگارەی کە زەوی کردووەتە فەرش بۆ ئێوە و ئاسمانیشی کردووەتە بینا و لە ئاسمانیش ئاو و بارانی بۆ ئێوە ناردوە ، بە هۆی ئەو بارانەوە هەموو جۆرە میوەیەکی بۆ ڕۆزی (**رزق**)ی ئێوە لە زەوی ڕووانددووە ، کەوابوو هاوبەش بۆ خوا دامەنێن لە کاتێکدا کە ئەوانە ئەزانن .

هەروەها بێگومان خوای گەورە پێغەمبەرانی ڕەوانە کردووە و کتێبەکانی دابەزاندووە بۆ ڕوون کردنەوە و بانگەواز کردن بۆ ئەم ڕاستییە ، وە بۆ ترساندن لە کردنی ئەوانەی پێچەوانەی ئەم ڕاستییە دەوەستن ، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَۖ ﴿٣٦﴾ ﴾ [النحل] .

واتە : بە ڕاستی ئێمە لە ناو هەر ئوممەتێکدا پێغەمبەرێکمان ناردووە تا خوا بە تەنها بپەرستن و دوور کەونەوە لە پەرستنی جگە لە خوا ، وەکو شەیتان و بت و فاڵچی و ... هتد .

وە دەفەرموێ : ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ﴿٢٥﴾﴾ [الأنبياء] .

واتە : ئێمە بەر لە تۆ هیچ پێغەمبەرێکمان ڕەوانە نەکردووە ئیلا وەحیمان بۆ ناردووە کە بێجگە لە من هیچ پەرستراوێك نییە کە شایستەی پەرستن بێت جگە لە من جا کەوا بوو تەنها من بپەرستن ۞

وە دەفەرموێ : ﴿الٓرۚ كِتَٰبٌ أُحۡكِمَتۡ ءَايَٰتُهُۥ ثُمَّ فُصِّلَتۡ مِن لَّدُنۡ حَكِيمٍ خَبِيرٍ ١ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَۚ إِنَّنِي لَكُم مِّنۡهُ نَذِيرٞ وَبَشِيرٞ ٢﴾ [هود] .

واتە : ئەم قورئانە کتێبێکە ئایەتەکانی تێر و تەسەل

کراوە و شەرح دراوە لە لایەن خوایەکی زانا و داناوە ، پێیان بڵێ هیچ کەس و شتێکی تر نەپەرستن جگە لە خوا ، وە بڵێ من تەنها موژدەر و ترسێنەرم .

حەقیقەتی ئەم پەرستنەش بریتییە لە تاك کردنەوەی خوا لە هەموو ئەو پەرستنانەی بەندە ئەنجامیان ئەدات ، لە پاڕانەوە و ترس و ئومێدپێبوون و نوێژ و ڕۆژو و سەربڕین و نەزر و چەندین شتی تر لە جۆرەکانی پەرستن ، بە مل کەچی و ترسەوە لە گەڵ تەواوی خۆشەویستیدا بۆ خوا ۞

زۆربەی ئایەتەکانی قورئان لە باسکردنی ئەم بنچینە گەورەیەدا دابەزیوون وەکو ئایەتی : ﴿فَٱعۡبُدِ ٱللَّهَ مُخۡلِصٗا لَّهُ ٱلدِّينَۚ ٢ أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلۡخَالِصُۚ ٣﴾ [الزمر] .

واتە : خوا بپەرستە و گەردن کەچێتی بۆ ساغ بکەرەوە ، وە بزانە پەرستن و گەردن کەچێتی تەنها بۆ ئەوە ۞

وە ئایەتی : ﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ ﴿٢٣﴾﴾ [الإسراء] .

واتە : وە پەروەردگارت فەرمانی داوە کە بێجگە لەو نەپەرستن تەنها ئەو نەبێ .

وە ئایەتی : ﴿فَٱدۡعُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿١٤﴾﴾ [غافر] .

واتە : جا هاوار لە خوا بکەن و پەرستنی خۆتـــان بە دڵسۆزی و بە پاکی بۆ ئەو ئەنجام بدەن ، هەرچەند کافران پێیان ناخۆش بێت .

وە لە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیم دا هاتووە لە (**معاذ**)ەوە ﷺ کە پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت : ((حَقُّ اللَّهِ عَلَى الْعِبَادِ أَنْ يَعْبُدُوهُ وَلاَ يُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا)) .

واتە : مافی خوا بە سەر بەندەکانەوە ئەوەیە کە بە تەنها بپەرستن و هیچ هاوبەشێکی بۆ بڕیار نەدەن .

❑ **لە باوەڕ بوون بە خوا** : باوەڕ بوونە بە هەموو ئەوانەی خوا لە سەر بەندەکانی پێویستی کردووە ، وەکو پێنج پایەکانی ئیسلام کە بریتین لە شایەتوومان و نوێژکردن و زەکاتدان و ڕۆژووگرتن و حەج کردن بۆ کەسێ کە بتوانێ ، وە جگە لەمانە لەو (**واجب**)انەی کە لە شرع دا هاتوون .

گرنگ و گەورەترین پایە لە پایەکانی ئیسلام بریتیە لە

شایەتوومان ، کە شایەتی دانە بەوەی کە هیچ خوایەك نییە شیاوی پەرستن بێت تەنها خوای گەورە نەبێ ، وە شایەتی دانە بەوەی کە محمد ﷺ پێغەمبەری خوایە .

کەوابوو شایەتی دان بە (**لا إله إلاَّ الله**) ئەوە پێویست دەکات کە پەرستن بە پاکی تەنها بۆ خوا ئەنجام بدرێ و بۆ هیچ کەسی تر ئەنجام نەدرێ ، ئەمە واتای (**لا إله إلاَّ الله**)یە ، واتاکەی ئەوەیە کە هیچ پەرستراوێك نییە شایەنی پەرستن بێ تەنها خوا نەبێ ، هەموو ئەوانەی جگە لە خوا دەپەرسترێن لە مرۆڤ و فریشتە و جنۆکە و شتانی تر بە بەتاڵ و ناڕەوا دەپەرسترێن ، ئەوەی بە ڕاستی شیاوی پەرستنە تەنها خوایە و بەس ، وەکو دەفەرموێ : ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ هُوَ ٱلۡبَٰطِلُ ﴿٦٢﴾ ﴾ [الحج] .

واتە : ئەو خوایە و ئایینەکەشی و پەرستنی بە تەنها ڕاست و ڕەوایە ، وە ئەوانەی کە جگە لە خوا دەپەرسترێن شیاوی پەرستن نین .

پێشتر ئەوە ڕوون کرایەوە کە خوا ئادەمیزاد و جنۆکەی بۆ پەرستن بەدیهێناوە و فەرمانیشی بەوە پێ کردوون ، پێغەمبەرانی بۆ ئەو مەبەستە ڕەوانە کردووە ، کتێبەکانی دابەزاندووە بۆ هەمان مەبەست ، کەوابوو بە باشی بیر لەوە بکەرەوە و تێ بفکرێ بۆ ئەوەی بۆت دەرکەوێ کە زۆربەی موسڵمانان تووشی چ

نەفامیەکی گەورە بوون بەرانبەر ئەم بینچینە گرنگ و بە نرخە ، تەنانەت لە گەلّ خوادا شتی تریان پەرستووە و مافی بێخەوشی خوایان دا بە کەسانی تر .

❑ **لە باوەڕ بوون بە خوا** : باوەڕ بوونە بەوەی کە خوا بەدیهێنەری هەموو جیهانە و هەلّسوڕێنەری کاروباریانە و فەرمانڕەوایە بە سەریانەوە بە زانست و تونای خۆی ، بە هەر شێوەیەك خۆی بیەوێ ، خوای گەورە خاوەن و پادشای دونیا و ڕۆژی دواییە و پەروەردگاری هەموو جیهانیانە و هیچ بەدیهێنەرێکی تر جگە لەو نییە .

❑ **لە باوەڕبوون بەخوا** : باوەڕ بوونە بەوەی کە خوا پێغەمبەرانی ناردووە و کتێبەکانی دابەزاندووە بۆ چاك کردنی بەندەکان و بانگەوازکردن بۆ شتانێ کە ڕزگاربوونی ئەوانی تێدایە لە ئێستا و ئایندەدا ، وە باوەڕبوون بەوەی کە خوا لە هەموو ئەمانە هیچ هاوبەش و هاوەلّێکی نییە وەك دەفەرموێ : ﴿ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ وَكِيلٞ ٦٢﴾ [الزمر] .

واتە : خوا بەدیهێنەری هەموو شتێکە , و هەر ئەویش پارێزەری هەموو شتێکە .

وە دەفەرموێ : ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ يُغْشِى ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتٍۭ بِأَمْرِهِۦٓ ۗ أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ ۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٥٤﴾﴾ [الأعراف] .

واتە : بەڕاستی پەروەردگاری ئێوە ئەو خوایەیە ، کە ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژدا خەلق کرد لە پاشان لەسەر عەرشدا بەرز بووەوە ، و بە تاریکی شەو ڕۆژ دائەپۆشێ و شەو بەدوای ڕۆژدا بەبێ دواکەوتن ئەروات ، خۆر و مانگ و ئەستێرەکانی بەدیهێنا لەحاڵەتێکدا ژێربارى فەرمانی خوان ، دروستکردن و فەرمان تەنها بۆ ئەوە ، پڕ بەرەکەتە خوایەك کە پەروەردگاری هەموو جیهانیانە.

❑ **لە باوەڕ بوون بە خوا** : باوەڕ بوونە بەو ناو و سیفەتە بەرز و جوانانەی کە لە قورئان و سوننەتدا هاتوون ، بەبێ دەست کاری و پەکخستن و چۆنیەتی بۆ دیاری کردن و وێکچواندن ، بەڵکو پێویستە چۆن هاتووە ئاواش بڕوات ، لە گەڵ باوەڕ بوون بەو واتا گرنگ و گەورانەی دەیگەیەنن ، کە سیفاتی خوان ، پێویستە بەوانە وەسف بکرێ بەشێوازێکی شیاو بەبێ وێکچواندن بە دروستکراوەکانیەوە لە هیچ سیفەتێك لە سیفەتەکانی دا ، وەکو دەفەرموێ : ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١١﴾﴾ [الشورى] .

واتە : هیچ شتێك بەوێنەی خوا نەیە ، وە ئەوە بیسەر و بینەری ڕەها .

وە دەفەرموێ : ﴿فَلَا تَضۡرِبُواْ لِلَّهِ ٱلۡأَمۡثَالَۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٧٤﴾ [النحل] .

واتە : جالەبەر ئەوە بۆ خوا هاوشێوە دامەنێن ، بەڕاستی خوا دەزانێ و ئێوە نازانن .

ئەمە بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە بوو ، لە هاوەڵان و شوێن کەوتوانیان : وەکو پێشەوا (**أبو الحسن الأشعري**) خوای لێ ڕازی بێت لە کتێبی (**المقالات عن أصحاب الحديث وأهل السنة**) مێناویەتی ، وە چەندین کەسی تر لە زانایان و ئیمانداران هێناویانە .

پێشەوا (**الأوزاعي**) ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ فەرموویەتی «پرسیار کراوە لە زوهری و مەکحول دەربارەی ئایەتەکانی سیفات فەرمویانە : وەکو چۆن هاتوون با ئاواش بڕۆن».

وەلیدی کوڕی موسلیم ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ فەرموویەتی : «پرسیار کراوە لە مالك و ئەوزاعی و (**ليث**)ی کوڕی سەعد و سوفیانی (**ثوري**) ـ ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ـ دەربارەی ئایەتەکانی سیفات ؟ هەموویان فەرموویانە : چۆن هاتوون با ئاواش بڕۆن بەبێ چۆنیەتی بۆ دانان» .

ئەوزاعی ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ فەرموویەتی : «ئێمە کاتێ شوێنکەوتووان زۆریان لەژیاندا مابوون ئەمانگووت خوا لەسەر عەرشدایە ، وە باوەڕمان هەیە بە هەموو ئەو سیفەتانەی لە سوننەتدا هاتوون» .

هەروەها کاتێ پرسیار کراوە لە (**ربیعة**)ی کوڕی (**أبو عبد الرحمن**) مامۆستای ئیمامی مالك ــ خوای لێ ڕازی بێت ـ دەربارەی (**الإستواء**) فەرموویەتی: «**الإستواء** ڕاستە و زانراوە و چۆنێتی باس ناکرێ ، سەرچاوەی پەیام هی خوایە و پێغەمبەر تەنها ڕاگەیاندنی لەسەرە و ئێمەش باوەڕ پێ کردنی» .

کاتێ پرسیار کراوە لە پێشەوا مالك ــ خوای لێ ڕازی بێت ـ دەربارەی (**الإستواء**) فەرموویەتی : « (**الإستواء**) زانراوە ، چۆنێتی نەزانراوە ، باوەڕ بوون پێی پێویستە ، پرسیارکردن دەربارەی بیدعەیە ، پاشان بەخاوەن پرسیارەکەی ووت : من تۆ بەکابرایەکی خراپ دەزانم ! فەرمانی دا بەدەرکردنی و دەریان کرد » . بەهەمان واتا ڕیوایەت کراوە لە دایکی ئیماندارانەوە (**أم سلمة**) ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ .

پێشەوا (**أبو عبدالرحمن بن المبارك**) ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ فەرموویەتی : «بەو شێوەیە خواکەمان دەناسین کە لەسەرووی ئاسمانەکان دایە و لە سەر عەرشە و جیاوازە لە دروستکراوەکانی» .

وتەی زانایان و پێشەوایان لەم بابەتەدا زۆرە ناتوانرێت هەمووی لەم نامیلکەیەدا باس بکرێ ، هەرکەس ئەیەوێ بەو ووتانە ئاشنا ببێ بابگەڕێتەوە بۆ نووسراوی زانایانی ئەهلی سوننە لەم ڕووەوە ، وەکو کتێبی (**السنة**) لە نوسینی (**عبدالله کوڕی ئیمامی ئەحمەد**) و کتێبی (**التوحید**) لە نوسینی (**محمدی کوڕی خوزەیمە**) و کتێبی (**السنة**) لە نوسینی (**أبوبکر بن أبي عاصم**) و وەڵامەکەی شێخی ئیسلام (**ابن تیمیة**) - خوای لێ ڕازی بێ - بۆ خەڵکی (**حماة**) ، کە وەڵامێکی زۆر گرنگ و بە سوودە ، بەڕاستی بیرو باوەڕی ئەهلی سوننەی تێدا ڕونکردووەتەوە ، زۆر لەوتەی زانیان و بەڵگەی شەرعی و عەقڵی تێدا هێناوە لە سەر ڕاستێتی ئەوەی ئەهلی سوننە فەرموویانە ، وە بۆ

پوچەڵ کردنەوەی قسەی نەیارەکانیان .

هەروەها لەنامیلکەی (**التدمریة**)شدا درێژەی بەم باسە داوە و بیروباوەڕی ئەهلی سوننەی تێدا ڕوونکردووەتەوە بە بەڵگەی شەرعی و عەقڵی ، وە بەر پەرچی نەیارەکانی داوەتەوە ، بەشێوەیەکی وا کە حەق سەرخا و ناحەق لە بن دەربێنێ بۆ هەر زانایەك بە نیازی پاك و بە مەبەستی ناسینی حەقەوە تەماشای بکات .

هەر کەس پێچەوانەی ئەهلی سوننە بێ لە باوەڕ بوون بەناو و سیفەتەکانی خوا ، ئەوا بێ گومان دەکەوێتە ناو پێچەوانە کردنی بەڵگە نەقڵی و

عەقڵییەکانەوە ، لەگەڵ نەسازیەکی ڕووبەڕوون و ئاشکرادا لە هەموو ئەوانەی نەفیی‌یان دەکات و دەیانسەلمێنێ .

ئەهلی سوننە و جەماعەت هەرچی خوا و پێغەمبەر ﷺ سەلماندویانە لە قورئان وسوننەتی (**صحيح**) دا ، ئەوانیش بۆ خوای دەسەلمێنن بەبێ وێکچووواندن (**تشبيه**) ، وە پاك ڕایدەگرن لە (**لەیەك چوون**) لە گەڵ دروستکراوەکانی دا پاك ڕاگرتنێك کە پەکخستنی سیفەتەکانی تێدا نەبێت ، ئەهلی سوننە ڕزگاریان بووە لە تووش بوون و نەسازی (**التناقض**) و کاریان بە هەموو بەڵگەکان کردووە ئەمەش سوننەتی خوایە لە کەسانێکدا دەستیان بگرن بە حەقەوە ، چی لە توانایاندا هەیە بە دڵسۆزی بۆ خوای ئەنجام بدەن ، کە یارمەتیان بدات و ڕێگەی ڕاستیان بۆ ئاسان بکات و بەڵگەیان سەربخات ، وەکو خوا دەفەرموێ : ﴿ بَلۡ نَقۡذِفُ بِٱلۡحَقِّ عَلَى ٱلۡبَٰطِلِ فَيَدۡمَغُهُۥ فَإِذَا هُوَ زَاهِقٞۚ وَلَكُمُ ٱلۡوَيۡلُ مِمَّا تَصِفُونَ ١٨ ﴾ [الأنبياء] .

واتە : بەڵکو ئێمە حەق ئەکەین بەسەر باتڵ دا تا ناحەق لەناو دەبا جا لەناکاو ناحەق لەناو دەچێ .

وە فەرموی : ﴿وَلَا يَأۡتُونَكَ بِمَثَلٍ إِلَّا جِئۡنَٰكَ بِٱلۡحَقِّ وَأَحۡسَنَ تَفۡسِيرًا ٣٣ ﴾ [الفرقان] .

واتە : موشریکەکان هیچ پرسیار و پێشنیارێك بۆ تۆ ناهێنن ئیلا ئێمەش لەبەرانبەریاندا وەڵامی حەق و چەسپاو و باشترین تەفسیرت بۆ ئەنێرین .

زانـای پایەبـەرز (**الحـافظ ابـن كـثير**) ـ خـوای لێ ڕازی بێـت ـ لەتەفسـیرە بەناوبانگەکەیدا لە تەفسیری ئایـەتی : ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ﴿٥٤﴾﴾ [الأعراف] .

واتە : بەڕاستی پەروەردگارتان ئەو خوایەیە کە ئاسمانەکان و زەوی لەشەش ڕۆژدا بەدیهێنا پاشان لەسەر عەرش بەرز و بڵند بووەتەوە.

لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا قسەیەکی بەنرخی باس کردووە کـە دەفـەرموێ : (خەڵکی لەم مەسـەلەدا ڕا و قسـەی جیاوازیـان هەیـە ، نـاتوانرێ لێـرەدا هـەمووی باس بکرێ ، بەڵام ئەوە هەیە ئێمـە پـەیڕەوی مەزهـەبی پێشـین دەکـەین وەکـو ئیمامی مالك و ئەوزاعی و ثـوری و (**لیـث**)ی کـوڕی سـەعد و شـافعی و ئەحمـەد و ئیسحاقی کوڕی (**راهویە**) ، وە چەندین کەسی تر لـە پێشـەوایانی موسـڵمانان لـە کۆن و تازەدا ، مەزهەبی ئەوانیش بریتییە لەوەی نـاو و سـیفەتەکانی خـوا چـۆن هـاتوون بـا ئـاواش بـڕۆن بـەبێ (**تکییـف**) چـۆنیەتی و (**تشـبیه**) وێکچـواندن و (**تعطیل**) پەکخستن ، ئەوەی دێت بە میشکی ئەوانەی (**تشبیه**) دەکەن دوورە لە خواوە ، چونکە هیچ شتێك هاو وێنەی خوا نییە ، خوا گەورە و بیسەر و بینایە ، بەڵکو پێشەوایان لەوانە (**نعیم بن حمـاد الـخزاعي**) مامۆسـتای ئیمـامی بوخـاری فەرموویەتی : هەرکەسێ خوا بەدروستکراوەکانی بشوبهێنێ ئەوا کافر دەبـێ ، وە لەو وەسفانەی خوا بۆ خۆی کردوە و پێغەمبەر ﷺ بۆی کردوە هیچ (**تشبیه**) یـك

نیە ، ئەوەی ئەو ناو و سیفەتانەی کە لە قورئان و سوننەتی (**صحیح**)دا هاتوون بسەلمێنێ بۆ خوا (بەو جۆرەی کە شیاوە بە بەرزی خواوە) ، وە نەفی کەم و کوڕی بکات ئەوە بەڕاستی ڕێگەی هیدایەتی گرتووەتە بەر .

بنچینەی دووەم : باوەڕبوون بە فریشتەکان

باوەڕبوون بە فریستەان بە دوو شێوە دەبێ: بە **کورتی**)، و بە (**ورد و درێژی**)، بە کورتی موسڵمان باوەڕی بەوە هەیە کە خوا فریشتەی هەیە، بەدیهێناون بۆ گوێ ڕایەڵی کردنی، وەسفی کردون بەوەی کە بەندەی بەڕێزن ، ووتەی خۆیان پێش ووتەی خوا ناخەن ، کردار بەفەرمانی ئەو دەکەن : ﴿يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡ وَلَا يَشۡفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرۡتَضَىٰ وَهُم مِّنۡ خَشۡيَتِهِۦ مُشۡفِقُونَ ٢٨﴾ [الأنبياء] .

واتە : خوا کردەوەی ئەمڕۆ و داهاتووی ئەوانە دەزانێ هەروەها ڕابوردویان دەزانێ ، ئەوانە تکا و شەفاعەت ناکەن مەگەر بۆ ئەو کەسەی کە خوا لێی ڕازیە تکای بۆ بکەن مەلائیکەکان لە ترسی گەورەیی خوا لەترس دان .

فریشتەکان چەندەها پۆلی جیاوازن ، هەندێکیان هەڵگرتنی (**عەرش**) یان پێ سپێردراوە ، هەندێکیان دەرگاوانی بەهەشت و دۆزەخن ، هەندێکیان کردەوەی بەندەکان دەنووسنەوە ، ئەمە بە کورتی .

بەڵام بە دڕێژی باوەڕمان بە ئەوانە هەیە کە خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ ناوی بردون وەکو : **جبریل** ، **میکائیل** ، **مالك** ـ کە دەرگاوانی دۆزەخە ـ ، **ئیسرافیل** ـ کە فوو کردن بە (**صور**) ی پێ سپێردراوە ، کە لە چەندین فەرموودەی صەحیح دا باس کراوە .

سەلمێنراوە لە (**عائیشة**) وە ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی : ((خُلِقَتِ الْمَلاَئِكَةُ مِنْ نُورٍ ، وَخُلِقَ الْجَانُّ مِنْ مَارِجٍ مِنْ نَارٍ ، وَخُلِقَ آدَمُ مِمَّا وُصِفَ لَكُمْ)) [أخرجه مسلم في صحيحه] .

واتە : فریشتەکان لە نور دروست کراون ، جنۆکەیش لە بڵێسەی ئاگر ، ئادەمیش لەوەی کە بۆتان باسکراوە واتە لە گڵ ـ خۆڵ ـ .

بنچینەی سێ یەم : باوەڕ بوون بە کتێبەکان

بە کورتی : پێویستە کە باوەڕمان هەبێ کە خوای گەورە چەندین کتێبی ناردووە بۆ سەر پێغەمبەرانی ، بۆ ڕونکردنەوەی مافی خوا و بانگەواز بۆ لای ئەو ، وەکو دەفەرموێ : ﴿لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلۡنَا مَعَهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلۡقِسۡطِۖ ﴿٢٥﴾﴾ [الحديد] .

واتە : بەڕاستی ئێمە پێغەمبەرانی خۆمان بە موعجیزەوە ناردووە ، و لە گەڵیشیاندا کتێبی ئاسمانی و دادوەریمان ناردووە تا خەڵك دادوەری بخەنە بەرچاو ، واتە : فرمانمان بە دادوەری کردون .

وە دەفەرموێ : ﴿كَانَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً فَبَعَثَ ٱللَّهُ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ ٱلنَّاسِ فِيمَا ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ ۚ وَمَا ٱخْتَلَفَ فِيهِ إِلَّا ٱلَّذِينَ أُوتُوهُ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ بَغْيًۢا بَيْنَهُمْ ۖ فَهَدَى ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لِمَا ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ مِنَ ٱلْحَقِّ بِإِذْنِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ يَهْدِى مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٢١٣﴾﴾ [البقرة] .

واتە : خەڵك لە سەرەتاوە لە سەر یەك ئاین بوون ، پاشان جیاوازیان تێ کەوت ، و خوای پەروەردگاریش پێغەمبەرانی بە موژدەری و ترسێنەریەوە بۆ ناردن ، وە لە گەڵ ئەواندا کتێبی بۆ ناردوون ، بۆ ئەوەی لە جیاوازیەکانی نێو خەخەڵکدا دادوەری بکەن .

وە بەورد و دریژی : باوەڕمان هەیە بەوانەی خوا ناوی بردوون وەکو : (**تەورات ، و ئنجیل ، و زەبوور ، و قورئان**) .

قورئانی پیرۆز کۆتا ترین و باشترین کتێبی خوایە و بەسەر ڕاگەیشتو و بە ڕاستخەرەوەی باقی کتێبەکانی تر .

لە سەر هەموو موسڵمانان پێویستە شوێنی بکەون و حوکمی پێ بکەن هەروەها بەو فەرموودانەی کە سەلمێنراوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ .

چونکە خوای گەورە پێغەمبەر ﷺ ی ناردووە بۆ گشت جنۆکە و ئادەمیزاد ، وە ئەم قورئانەی بۆ ناردوون بۆ ئەوەی حوکمی پێ بکەن لە نێوانیاندا ، وە خوا کردویە بە شیفای دڵان ، قورئانی گێڕاوە بە ڕونکەرەوە بۆ هەموو شتێ ، وە بە هیدایەت و ڕەحمەت بۆ باوەڕداران ، وەکو خوا دەفەرموێ : ﴿وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ مُبَارَكٌ فَٱتَّبِعُوهُ وَٱتَّقُوا۟ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿١٥٥﴾﴾ [الأنعام] .

واتە : ئەم قورئانە کتێبێکی پیرۆزە دامانبەزاندوە پەیڕەوی پێ بکەن ، و تەقواتان هەبێ بەڵکو بەر ڕەحمەتی خوا بکەون .

وە دەفەرموێ : ﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ تِبْيَٰنًا لِّكُلِّ شَىْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ ﴿٨٩﴾﴾ [النحل] .

واتە : ئەم قورئانەمان بۆ ناردی کە ڕوونکەرەوەی هەموو شتێکە و هۆی ڕێنمونی و ڕەحمەت و موژدەیە بۆ موسڵمانان.

وە دەفەرموێ : ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحْىِۦ وَيُمِيتُ ۖ فَـَٔامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِ ٱلنَّبِىِّ ٱلْأُمِّىِّ ٱلَّذِى يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَكَلِمَٰتِهِۦ وَٱتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٥٨﴾﴾ [الأعراف].

واتە : بڵێ ئەی خەڵکینە بەڕاستی من نێردراوی خوام بۆ لای هەمووتان ، ئەو خوایەی کە مولکی ئاسمانەکان و زەوی تایبەتی ئەوە ، پەرەستراوێکیتر نییە شایستەی پەرەستن بێت جگە لەو نەبێت ، هەر ئەوە زیند و دەکاتەوە و دەمرێنێ ، جا باوەڕ بە خوا و پێغەمبەری خوا بێنن ، ئەو پێغەمبەرە نەخوێندەوارەی کە باوەڕی بە خوا و گوفتارەکانی خوا هەیە ، شوێنی بکەون تا ڕێنمونی بکرێن .

وە چەندین ئایەتی تر کە لەم ڕووەوە هاتوون .

بنچینەی چوارەم : باوەڕبوون بە پێغەمبەران

پێویستە باوەڕمان بە پێغەمبەران هەبێ ، **بە کورتی :** باوەڕمان هەیە کە خوای گەورە پێغەمبەری بۆ بەندەکانی ناردووە بۆ ئەوەی مژدەی بەهەشت بە چاکە کاران بدەن ، و خراپە کارانیان بە دۆزەخ بترسینن ، وە بانگەواز کاربن بۆ هەق ، هەر کەس وەڵامیان بداتەوە دەگاتە خۆشبەختی ڕۆژی دوایی ، وە ئەوەش کە دژیان بوەستێ تووشی پەشیمانی و نائومێدی دەبێ ، کۆتا و باشترینی پێغەمبەران پێغەمبەری خۆمانە ﷺ .

خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَۖ ٣٦ ﴾ [النحل] .

واتە : بەڕاستی ئێمە لە ناو هەر ئومەتێکدا پێغەمبەرێکمان ناردووە بۆ ئەوەی خوای پەروەردگار بە تەنها بپەرستن و دوورکەونەوە لە پەرستنی جگە لە خوا ، وەکو شەیتان و بت و جادووگەر و ... هتد .

وە دەفـــــەرمووێ : ﴿ رُّسُلٗا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةُۢ بَعۡدَ ٱلرُّسُلِۚ ١٦٥ ﴾ [النساء] .

واتە : پێغەمبەرانێ کە مژدە دەر و ترسێنەر بوون بۆ ئەوەی خەڵك دوای ناردنی ئەم پێغەمبەرانە هیچ بەڵگە و بیانویەکیان نەمێنێ .

وە دەفـــــەرمووێ : ﴿ مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٖ مِّن رِّجَالِكُمۡ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَۗ ٤٠ ﴾ [الأحزاب] .

واتە : موحەممەد باوکی هیچ یەك لە پیاوانی ئێوە نیە ـ واتە : باوکی ڕاستەقینەی زەید کوڕی حاریسە نیە ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ بەڵام ئەو پێغەمبەری خوایە و دواپین پێغەمبەریشە .

خوای گەورە لە قورئانـدا هەرکامیانی ناو بردبـێ و پێغەمبەریش ﷺ لە سوننەتدا ، ئێمە باوەڕی پێدەکەین وەکو نووح و هود و صالح و ئیبراهیم و ئەوانی تر ـ دروود و سڵاوی خوایان لە سەر بێت ـ .

بنچینە ی پێنجەم : باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی

بەنیسبەت باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی یەوە ، باوەڕبوون بە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە خوا و پێغەمبەر ﷺ هەواڵیان پێداوین ئەوانەی لە دوای مردن ڕوو ئەدەن وەکوو لێ پرسینەوە و خۆشی و سزای گۆڕو ئەوانەی لە هاتنی قیامەتدا ڕوو ئەدەن وەکوو سەختی و ناڕەحەتی ئەو ڕۆژە و پردی (**صراط**) و دانانی تەرازو و لێ پرسینەوە و پاداشت و تۆڵە و پەخشی نامەی کردەوەکان لە نێوان خەڵکدا ، یەکێك بەدەستی ڕاستیەوە و یەکێك بەچەپی یان لەپشتی یەوە ، هەروەها باوەڕ بوون بە حەوزی کەوسەر کە ئامادەکراوە بۆ پێغەمبەر ﷺ و باەڕبوون بە بەهەشت و ئاگر و بینینی خوای پەورەدگار و قسەکردنی باوەڕداران لەگەڵ خوا ، و چەندین شتی تر کە لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی (**صحیح**) ی پێغەمبەردا ﷺ هاتوون کە پێویستە باوەڕمان پێیان هەبێت ، بەو شێوەیەی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ بەیان و ئاشکرایان کردووە .

بنچینەی شەشەم : باوەڕبوون بە قەدەر

باووەڕبوون بەقەدەر باوەڕبوون بە چوارشت لە خۆ دەگرێ :

یەکەم : خوای گەورە عیلمی ئەوەی ڕوپیداوە ، و ئەوەش ڕووئەدات زانیویە و دەیزانێ ، باری بەندەکان و زۆری و ئاکامی کردەوەیان دەزانێ وە کاروباریان لە خوا ون نابێ .

وەك دەفەرمووێ : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ٧٥﴾ [الأنفال] .

واتە : بەڕاستی خوای پەروەردگار زانا و بە ئاگایە بە هەموو شتێ .

وە دەفەرمووێ : ﴿لِّتَعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ وَأَنَّ ٱللَّهَ قَدۡ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عِلۡمَۢا ١٢﴾ [الطلاق] .

واتە : تا بزانن کە خوا بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە و بەڕاستی خوا زانستی بە هەموو شتێك هەیە .

دووەم : خوا ئەوەی تەقدیری کردبێ و بڕیاری دابێ و نوسیویەتی، وەکو دەفەرمووێ :

﴿قَدۡ عَلِمۡنَا مَا تَنقُصُ ٱلۡأَرۡضُ مِنۡهُمۡۖ وَعِندَنَا كِتَٰبٌ حَفِيظُۢ ٤﴾ [ق] .

واتە: بەڕاستی ئێمە دەزانین کە خۆڵ چ ڕادەیەک لە لەشیان کەم دەکاتەوە و دەیکاتە خۆڵ ، و کتێبێ کە پارێزەری هەموو شتێکی تێدایە کە (**اللوح المحفوظ**)ـە لای ئێمەیە .

وە دەفەرموێ : ﴿وَكُلَّ شَيۡءٍ أَحۡصَيۡنَٰهُ فِيٓ إِمَامٖ مُّبِينٖ ١٢﴾ [یس].

واتە: وە هەموو شتیکمان لە لەوحی مەحفوزدا ژماردوە و بەژمارە نوسیومانە.

وە دەفەرموێ : ﴿أَلَمۡ تَعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۗ إِنَّ ذَٰلِكَ فِي كِتَٰبٍۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ٧٠﴾ [الحج] .

واتە : ئایا نازانی کە بە ڕاستی خوا ئەوەی وا لە ئاسمان و زەوی دایە ئەیزانێ ؟ چونکە هەموو ئەوانە لە کتێبدایە نوسراوە ، بەڕاستی ئەوە بۆ خوا زۆر ئاسانە .

سێ یەم : باوەڕبوون بەویستی (تەواو و ڕێگە نەگیراوی) خوا ، واتە : هەرچی بیەوێ ببێ ئەبێ و ئەوەیشی نەیەوێ ببێ بێگومان نابێ وەکو دەفەرموێ : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَفۡعَلُ مَا يَشَآءُ ١٨﴾ [الحج] .

واتە : بەڕاستی خوا چی بوی دەیکا .

وە دەفەرموێ : ﴿إِنَّمَآ أَمۡرُهُۥٓ إِذَآ أَرَادَ شَيۡـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ٨٢﴾ [یس] .

واتە : بەڕاستی فەرمانی ئەو ئەوەیە کە هەر کاتێ بیەوێ شتێ بەدی بهێنێ پێ ی دەڵێ : ببە جا بێ دواکەوتن دێتە دی .

وە دەفەرموێ : ﴿وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢٩﴾ [التكوير] .

واتە : ئێوە ئیرادە ناکەن تا پەروەردگاری جیهان ئیرادە نەکات .

چوارەم : هەموو بونەوەران خوا بەدی هێناون ، جگە لەو هیچ بەدیهێنەرو پەروەردگارێکی تر نییە .

وەکو دەفەرموێ : ﴿ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ وَكِيلٞ ٦٢﴾ [الزمر] .

واتە : خوا بەدیهێنەری هەموو شتێکە و هەر ئەویش پارێزەری هەموو شتێکە وە تەکبیریان بەدەستی ئەوە بەبێ هاوبەش .

وە دەفەرموێ : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡۚ هَلۡ مِنۡ خَٰلِقٍ غَيۡرُ ٱللَّهِ يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ فَأَنَّىٰ تُؤۡفَكُونَ ٣﴾ [فاطر] .

واتە : ئەی خەڵکینە نیعمەتێ کە خوا بە ئێوەی داوە بیهێننەوە بیر ، ئایە جگە لەخوا بەدیهێنەری تر هەیە کە لە

ئاسمانەکان و زەوی ڕۆزیتان بدات ؟ بێجگە لەو پەرستراوێکی تر نیە ، جا چۆن درۆ دەکەن و لە هەق لائەدەن .

کەوا بوو باوەڕبوون بە قەدەر لای ئەهلی سوننەت باوەڕبوون بەم چوار شتە دەگرێتەوە ، بە پێچەوانەی ئەهلی بیدەعەوە کە هەندێ لەم چوارەیان ئینکار کردوە .

لەباوەڕ بوون بەخوا : باوەڕبونە بەوەی باوەڕ بریتیە لە ووتەو کردەوە ، بەچاکە کردن زیاد دەکات و بەتاوان کردن کەم دەکات ، و دروست نیە هیچ کەس لە موسڵمانان بەکافر دابنرێ بەهۆی کردنی تاوانێکەوە کە لەشیرك و کوفر بچوك تر بێ وەکو داوێن پیسی (**زینا**) و دزی کردن و سوو خواردن و خواردنەوەی مەی و ئەزیەت دانی دایك و باوك وە چەندین شتی گەورەتر لە تاوانە گەورەکان ، مەگەر حەڵاڵیان بکات لەبەر ئەم ئایەتە ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ ﴿٤٨﴾ ﴾ [النساء].

واتە : بەڕاستی هەرکەس هاوبەش بۆ خوا دابنێ نایبەخشێ بەڵام کەمتر لەوە یان جگە لەوە بۆ هەرکەس بیەوێ ئەی بەخشێ .

وە لە بەر ئەوەی سەلمێنراوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ لە فەرموودەی (**متواتر**)دا فەرموویەتی : ((إِنَّ اللَّهَ يُخْرِجُ مِنَ النَّارِ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ مِنْ إِيمَانٍ)) .

واتە : بەڕاستی خوا هەرکەسێ بە ئەندازەی تۆسقالە خەردەلێك ئیمانی لە دڵدا بێ لە ئاگری دۆزەخ نایهێڵێ .

لە باوەڕبوون بەخوا : ئەوەیە خۆشەویستی و ڕق لێ بوونت هەر لە بەر ئەوە بێ و دۆستایەتی و دژایەتی کردنت لەبەر ئەو بێت ، کەوا بوو باوەڕدارانی خۆش ئەوێ و دۆستایەتیان لەگەڵ ئەکات بەتایبەت هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ و ڕقی لە بێ باوەڕانە و دژایەتیان لەگەڵ ئەکات .

ئەهلی سوننە و جەماعە هاوەڵانیان خۆش ئەوێ وە دۆستایەتیان لە گەڵدل دەکەن و باوەڕیان وایە ئەوان باشترینی خەڵکن لە دوای پێغەمبەران ، لە بەر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ : ((خَيْرُ النَّاسِ قَرْنِي ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ)) [متفق عليه] .

واتە : چاکترین خەڵکی ئەوانەن کە لەسەردەمی منداژیاون ، ئینجا ئەوانەی دوای ئەوان ، ئینجا دوای ئەوان .

ئەهلی سوونە باوەڕیان وایە باشترین هاوەڵان (**أبو بكر**)ە پاشان (**عمر**) پاشان (**عثمان**) پاشان (**علي**) ـ خوا لە هەموویان ڕازی بێ ـ دوای ئەوان ئەوانی تر لەو دە کەسەی کە موژدەی بەهەشتیان پێ دراوە ، پاشان هەموو هاوەڵان ـ خوا لە هەموویان ڕازی بێ ـ .

ئەهلی سوننە زمانیان ئەگرن لەوەی کە لە نێوانیاندا ڕوویداوە ، باوەڕیان وایە هاوەڵان هەموو لەو کارەدا (**مجتهد**) بونە ، ئەوەی پێکابێتی ئەوە دوو جار

پاداشتی ئەدرێتەوە ، ئەوەیشی نەی پێکابێ ئەوەش هەر یەك پاداشتی ئەدرێتەوە.

ئەهلی سوننە کەسو کاری موسڵمانی پێغەمبەریان خۆش دەوێ و دۆستایەتیان لەگەڵ دەکەن بە هەمان شێوە بۆ خێزانەکانی پێغەمبەر دایکانی ئیمانداران لە هەموویان ڕازین و قسەیان پێ ناڵێین .

ئەهلی سوننە خۆیان بەری دەکەن لە ڕێبازی شیعە کە ڕقیان لە هاوەڵانی پێغەمبەرە و جنێویان پێ ئەدەن ، وە زیادە ڕەوی دەکەن لە سەناگۆی خزم و کەس و کاری پێغەمبەردا ﷺ لەو پلەو پایەی خوا بۆی داناوون و زیاتریان بۆ دادەنێن ، لە هەمان کاتدا ئەهلی سوننەت خۆیان بەری دەکەن لە ڕێبازی خەوارج ، ئەوانەی کە لە ڕێزی خزم و کەس و کاری پێغەمبەر ﷺ کەم دەکەنەوە بەقسەو کرداری خراپ ئەزیەتیان ئەدەن .

هەموو ئەمانەی لەم وتارە کورتەدا خستمانە ڕوو (لە باسی ئەو بیرو باوەڕە ڕاستەقینەی کە خوا و پێغەمبەری ﷺ پێ ناردوە) کە بریتییە لە بیروباوەڕی کۆمەڵی ڕزگاربووی ئەهلی سوننە و جەماعەکە پێغەمبەر ﷺ دەربارەیان فورموویەتی : ((لا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي عَلَى الْحَقِّ مَنْصُورَةٌ لا يَضُرُّهُمْ مَنْ خَذَلَهُمْ حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللَّهِ)) .

واتە : بەردەوام کۆمەڵێك لە ئوممەتی من لەسەر ڕاستی دەمێننەوە تاوەکو فەرمانی خوا دێتە جێ .

وە دەفەرموێ : ((افْتَرَقَتِ الْيَهُودُ عَلَى إِحْدَى وَسَبْعِينَ فِرْقَةً ، وَافْتَرَقَتِ النَّصَارَى عَلَى اثْنَتَيْنِ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً ، وَسَتَفْتَرِقُ هَذِهِ الأُمَّةُ عَلَى ثَلاثٍ وَسَبْعِينَ فِرْقَةٍ كُلُّهُمْ فِي النَّارِ إِلا وَاحِدَةٌ ، فَقَالَ الصَّحَابَةُ : مَنْ هِيَ يَا رَسُولَ اللَّهِ ؟ قَالَ : مَنْ كَانَ عَلَى مِثْلِ مَا أَنَا عَلَيْهِ، وَأَصْحَابِي)).

واتە : یەهودیەکان بوون بەحەفتا و یەك تاقمەوە ، گاورەکان بوون بەحەفتا و دوو تاقمەوە ، موسڵمانانیش لە ئاینەدا دەبن بەحەفتا و سێ تاقمەوە ، هەموویان دەچنە دۆزەخەوە تەنها یەکێکیان نەبێ ، هاوەڵان وتیان ئەی پێغەمبەری خوا ئەو کۆمەڵە کێن ؟ ئەویش فەرمووی : ئەوانەن کە لە سەر سوننەتی من و هاوەڵان دەڕۆن .

ئەمەش ئەو بیروباوەڕەیە کە پێویستە بەتووندی دەستی

پێوە بگیرێ و بەردەوام بین لەسەری و وریا بین لەو شتانەی پێچەوانەی دەوەستن ئەوانەی لە بیروباوەڕی ئەهلی سوننە لایان داوە و چەندین ڕێچکەی تریان گرتووەبەر زۆرن ، لەوانەیە ئەوانەی بت و خەڵك و فریشتە و پیاوچاکان و جنۆکە و دار و بەرد و شتانی تر دەپەرەستن ئەمانە وەڵامی بانگەوازەکەی پێغەمبەریان نەداوەتەوە بەڵکو دژایەتی و سەرپێچیان کردووە وەکو قورەیش و تیرەکانی عەرەب بەرامبەر بە پێغەمبەر ﷺ کردیان ، ئەمانە داوایان لە بتە کانیان دەکرد

کە پێویستییەکانیان جێبەجێ بکەن و شیفای نەخۆشیندارەکانیان بدەن و سەرکەوتوویان بکەن بە سەر دوژمنەکانیاندا، ئەمانیش لە بەرامبەر ئەوانەدا شتیان بۆ سەر دەبرین و نەزریان بۆ دەکردن، لە کاتێکدا کە پێغەمبەر ﷺ ئەمەی لێقبوڵ نەکردن و فرمانی پێکردن بە یەکخواپەرستی سەریان سوڕما و ئینکاریان کردوو وتیان : ﴿ أَجَعَلَ ٱلۡأٓلِهَةَ إِلَٰهٗا وَٰحِدًاۖ ٥ ﴾ [ص] .

واتە : ئایا هەموو خواکانی کردووەتە یەکخوا ! بەڕاستی

ئەمە شتێکی سەرسوڕهێنەرە !!!

بەردەوام و بێوچان پێغەمبەر ﷺ بانگی دەکردن بۆ یەکخواپەرستی و دەیترساندن لە شرك ، وە ڕاستی بانگەوازەکەی بۆ والا دەکەردن ، هەتاوەکو خوای گەورە هەندێکی هیدایەت داو پاشان بە کۆمەڵ هاتنە ناو ئاینی ئیسلامەوە ، ئینجا لە دوای بانگەوازێکی بەردەوام و جیهادێکی دور و درێژ لە لایەن پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵان و شوێنکەوتوانیانەوە ئاینی ئیسلام سەرکەوت بە سەر هەموو ئاینەکاندا ، بەڵام پاشان بارودۆخ گۆڕا و نەفامی باڵی کێشا بە سەر زۆربەی خەڵکیدا هەتاوەکو زۆربەی خەڵك گەڕانەوە بۆ ئاینی نەفامی و بت پەرستی بە ئەنجامدانی زیادەڕەوی لە ئاستی پێغەمبەران و پیاوچاکاندا بە هاوار و بانگ لێکردنیان و داوای کۆمەکی کردن لێیان و چەندین شتی تر لە جۆرەکانی شیرك !

ئەمانە واتای (**لا إلهَ إلاَّ الله**) یان نەدەزانی وەکو کافرانی عەرەب دەیانزانی ! بەردەوام ئەم هاوبەشی دانانە لە ناو خەڵکیدا تەشەنەی دەکرد تاوەکو ئەم سەردەمەی خۆمان ، بە هۆی زاڵبوونی نەفامی و دوور کەوتنەوەمان لە سەردەمی پێغەمبەرەوە ﷺ .

شوبهەی ئەم موشریکانە هەمان شوبهەی ئەوانی پێشووە کە بریتی بوو لە ئایەتی : ﴿هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِۚ ﴿١٨﴾﴾ [یونس] ، واتە : ئەمانە لای خوا تکاکارمانن ، وە ئایەتی : ﴿مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ ﴿٣﴾﴾ [الزمر] .

واتە : ئێمە ئەوانە ناپەرستین مەگەر بۆ ئەوەی لە خوامان نزیك بکەنەوە .

خوای گەورە لە قورئاندا ئەم شوبهەیەی پوچەڵ کردەوە و ڕوونی کردەوە هەر کەس جگە لە خوا کەسی تر بپەرستێ هەر کەسێ بێ ئەوە شیرك و کوفری بە خوای گەورە کردووە وەکو دەفەرموێ : ﴿ وَيَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِۚ ﴿١٨﴾﴾ [یونس] .

واتە : وە بێجگە لە خوا شتگەلێکی تر دەپەرستن کە نەزیانیان پێ ئەگەیەنن و نەسودێکیان پێ ئەدەن و ئەڵێن

ئەمانە لای خوا تکاکارمانن .

خوای گەورە بەم ئایەتە بەرپەرچی داونەتەوە کە دەفەرموێ : ﴿قُلۡ أَتُنَبِّـُٔونَ ٱللَّهَ بِمَا لَا يَعۡلَمُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ١٨﴾ [یونس] .

واتە : بڵێ ئایا خەبەر بە خوا ئەدەن دەربارەی شتێك کە لە ئاسمانەکان و زەویدا سەر و شوێنیان بۆ نییە ؟! پاك و بێگەردی بۆ خوا لەو هاوبەشانەی کە دای ئەنێن .

خوای گەورە لەم چەند ئایەتەی پێشوودا ڕوونی کردەوە کە پەرستنی غەیری ئەو لە پێغەمبەران و پیاوچاکان و ئەوانی تر شیرکی گەورەیە ئەگەر چی ئەنجامدەرانی ناوی تری لێبنێن ، خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ ٣﴾ [الزمر] .

واتە : وە کەسانێ کە غەیری خوایان بە پەرستراو گرتووە ئەڵێن ئێمە ئەوانە ناپەرستین مەگەر بۆ ئەوەی لە خوامان نزیك بکەنەوە .

خوای گەورە بەم ئایەتە بەرپەرچی داونەتەوە : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡ فِي مَا هُمۡ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَنۡ هُوَ كَٰذِبٞ كَفَّارٞ ٣﴾ [الزمر] .

واتە : بەڕاستی خوا لەوەی کە جیاوازیان تێدا هەیە دادوەریان لە نێواندا دەکات بەڕاستی خوا ڕێنوینی کەسانێ ناکات کە درۆزنی بێباوەڕ بێ .

خوای گەورە بەو ئایەتانە ڕوونی کردەوە کە پەرستنەکەیان بۆ جگە لە خوا بەپاڕانەوە ترس و تکا و ئەوانی تر ، کوفرە بە خوا ، وە بە درۆی خستنەوە لەو قسەیەی کە دەیان وت پەرستراوەکانمان لە خوامان نزیك دەکەنەوە .

لەو بیروباوەڕە کوفرانەی کە دژ بە بیروباوەڕی ڕاستەقینەن و پێچەوانەی ڕێبازی پێغەمبەرن ﷺ ، لەوانە :

* ئەو بیروباوەڕەی کە بڵێن باوەڕ (**مُلحِد**)ـەکانی ئەم سەردەمە هەیانە شوێنکەوتوانی مارکس و لینین و ئەوانی تر لە بانگەواز کارانی(**إلحاد**) و کوفر ، ئەگەر چی ناوی لێبێنن (**سۆسیالیست یان شوعی یان بەعسی یان چەندین ناوی تر**) ! بنچینەی ئەو بێباوەڕانە بریتیە لە دروشمی (**خوا نییە و ژیان تەنها بریتیە لە مادە**) ! ! !

هەروەها لە بنچینەکانی تریان ئیناکری کردنی زیندوو بوونەوە و بەهەشت و ئاگری دۆزەخ و باوەڕ نەبوون بە ئاینە ئاسمانیەکان .

بێگومان ئەوەی تەماشای کتێبەکانیان بکات و زمانی حاڵیان دیراسە بکات ئەو شتانەی بۆ دەر ئەکەوێت ، گومانیش لەوەدا نییە کە ئەم بیروباوەڕە دژ بە هەموو ئاینە ئاسمانیەکانە و خاوەنەکەی لە دونیا و ڕۆژی دواییدا بۆ خراپترین دوا ئەنجام ئەبات .

* لەو بیروباوەڕانە کە دژ بە بیروباوەڕی ڕاستەقینەن ئەوەیە کە هەندێ لە (**باطنية**)یەکان و هەندێ لە سۆفیەکان هەیانە (کە هەندێ کەس لەوان پێی ئەڵێن ئەولیا) و باوەڕیان وایە هاوبەشن لە گەڵ خوادا لە بەڕێوەبردنی کاروباری جیهاندا و ناویان دەنێن : (**أقطاب ، أوتاد ، أغواث**) و چەندین ناوی تر کە خۆیان دایان هێناوە بۆ پەرستراوەکانیان ، ئەمەش خراپترین شێرکە لە پەروەردگارێتی خوادا ، کە خراپترە لە شێرکی نەفامی عەرەب ، چونکە کافرانی عەرەب ، لە پەروەردگارێتیدا شێرکیان ئەنجام نەدابوو ، بەڵکو تەنها لەپەرستندا ، شێرك ئەنجامدانی ئەوان تەنها لە کاتی خۆشیدا بوو، بەڵام لە کاتی سەختیدا خوایان بە دڵسۆزی دەپەرست وەکو خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ فَإِذَا رَكِبُواْ فِي ٱلۡفُلۡكِ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمۡ إِلَى ٱلۡبَرِّ إِذَا هُمۡ يُشۡرِكُونَ ٦٥ ﴾ [العنكبوت] .

واتە : جا کاتێ سواری کەشتی بوون بە دڵسۆزی خوای گەورە بانگ دەکەن ، وە کاتێ ئەوانی بردە وشکایی و ڕزگاری کردن شەریکیان بڕیاردەدا .

بەڵام یەکتاپەرستی لە پەروەردگارێتی خوادا دانیان پێدا ئەنا وەکو خوا دەفەرموێ : ﴿ وَلَئِن سَأَلۡتَهُم مَّنۡ خَلَقَهُمۡ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُۖ فَأَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ ٨٧ ﴾ [الزخرف] .

واتە : وە ئەگەر لەوانە بپرسی ئایا چ کەسێ ئەوانی بەدی هێناوە بێ گومان دەڵێن خوا .

وە دەفـــەرموێ : ﴿ قُلۡ مَن يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ أَمَّن يَمۡلِكُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَمَن يُخۡرِجُ ٱلۡحَيَّ مِنَ ٱلۡمَيِّتِ وَيُخۡرِجُ ٱلۡمَيِّتَ مِنَ ٱلۡحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَۚ فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُۚ فَقُلۡ أَفَلَا تَتَّقُونَ ٣١ ﴾ [يونس] .

واتە : بڵێ چ کەسێ لە ئاسمان و زەویەوە ڕۆزیتان ئەدا ؟ وە یان چ کەسێ خاوەن و بەدیهێنەری گوێ و چاوانە ؟ وە چ کەسێ زیندوو لە مردوو یا مردوو لەزیندوو دەردێنێ؟ وە چ کەسێ تەکبیری کاروباری دونیا دەکات؟ دەڵێن خوا ، تۆش بڵێ ئەی بۆ لە خوا ناترسن و بەتەنها نایپەرستن .

وەچەندین ئایەتی تر لەم مەبەستەدا هاتووە .

*** موشریکەکانی ئەم سەردەمە لەوانەی کۆن زیاتریان کردووە ، ئەوەش لەدوو ڕووەوە :**

یەکەم : شیرکی هەندێکیان لە پەروەردگاریێتیدا (**الربوبية**) .

دووەم : شیرك کردیانیان لە هەردوو کاتی خۆشی وسەختیدا ، ئەوەی تێکەڵاوی کردبن هەواڵیانی زانیبێ و بینیبێتی چ دەکەن ئەم ڕاستیەیە دەزانی کە چی دەکەن لە پەنای گۆڕی ئیمامی حوسەین و بەدەوریدا لە میصر ، وە لە پەنای گۆڕی (**عەیدەروس**)دا لە عەدەن ، وە (**هادي**) لە یەمەن ، وە (**ئیبنو عەرەبی**) لە شام ، و شێخ (**عبدالقادری گەیلانی**) لە عیراق ، وە چەندین گۆڕی بەناوبانگی تر

کە خەڵکی سادە و عەوام زیادەڕەویان لە ئاستدا کردووە ، کە زۆربەی مافی خوایان بۆ ئەوان داناوە ! کەم کەسیش هەیە قەدەغەی ئەوەیان لێ بکات و یەکخواپەرستی ڕاستەقینەیان بۆ ڕوون بکاتەوە ﴿إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ﴾ !!!

داوا لە خوای پاك و بێگەرد دەکەین کە بیان گێڕێتەوە بۆ هۆش و ژیری خۆیان ، وە بانگەوازکاران لە نێوانیاندا زۆر کات و یارمەتی کاربەدەستانی موسڵمان و زانایانی موسڵمان

بدات بۆ دژایەتی کردن و لە ناو بردنی ئەم شیرکە .

* لەو بیروباوەڕانەی کە دژ بە بیروباوەڕی ڕاستەقینەن لەبەشی ناو و سیفەتەکانی خوادا بیروباوەڕی ئەهلی بیدعەیە، وەکو جەهمیەکان و موعتزیلە و ئەوانەی کە ڕێگەی ئەوانیان گرتە بەر لە نەفی سیفەتەکانی خوای گەورەدا ، و سیفەتەکانیان پەك خست و وەسفیان کرد بە نەبوو و سیفەتی ووشك و بێ مانا ! گەورەیی و بەرزی بۆ خوای گەورە لەو قسانەیان ، هەروەها ئەوانەش کە نەفی هەندێ لە سیفەتەکانی خوایان کرد و هەندێکی تریان سەلماند وەکو ئەشعەریەکان کە لەوانە دەژمێررێن ، چونکە سەلماندنی هەندێکی ئەوەیان لە سەر پێویست دەکات ئەوانەی تریش کە نەفیان کردووە و ماناکانیان گۆڕیوە بیان سەلمێنن .

ئەمانەش لەم کارەیاندا پێچەوانەی بەڵگەی نەقڵ و عەقڵیان کردووە ، و لەم مەسەلەیەدا کەوتوونەتە ناسزایی (**تناقض**)ێکی ڕوون و ئاشکراوە .

بەڵام ئەهلی سوننە و جەماعە بە بێ کەموکوڕی ئەو ناو و سیفەتانەی خوا کە خوا بۆ خۆی داینابێ یان پێغەمبەر ﷺ داینابێ ، ئەمانیش سەلماندوویانە و دایان ناوە ، وە خوایان پاك ڕاگرتووە لەوەی بیشوبهێنن بە دروستکراوەکانی پاك ڕاگرتنێك دوور لە پەك خستنی سیفەتەکانی کەوابوو ئیشیان بە هەموو بەڵگەکان کردووە ، نەدەستکاریان کردووە و نەپەکیان خستووە ، تووشی ئەو ناسزایەیە نەهاتوون کە غەیری ئەوانی تێکەتووە وەکو باسمان کرد ، ئەم ڕێگەیە ڕێگەی سەرفراز بوونە ، و خۆش بەختی دونیا و ڕۆژی دوایە ، ئەمە ئەو ڕێگە ڕاستەیە کە پێشین و پێشەوایانی ئەم ئوممەتە گربتوویانە بەر ، بەڕاستی پاشماوەی ئەم ئوممەتە چاك نابێ مەگەر بەوەی کە پێشەکی پێ چاك بووە ، کە بیریتیەیە لە شوێنکەوتنی قورئان و سوننەت و وازهێنانیان لەوەی پێچەوانەیان بووەستن .

هەڵوەشێنەرەوەکانی موسڵمان بووون :

برای موسڵمان : پێویستە بزانی کە خوای گەورە پێویستی کردووە لەسەر هەموو بەندەکانی موسڵمان ببن و دەست بگرن بە ئیسلامەوە و ووریا بن لەوەی پێچەوانەی ئیسلامە ، وە پێغەمبەری ﷺ بۆ هەمان مەبەست ڕەوانە کردووە ، خوای گەورە هەواڵی پێداوین کە هەر کەسی شوێنی ئەو پێغەمبەرە ﷺ بکەوێ ئەوە هیدایەتی وەرگرتووە و هەرکەسێکیش پشتی لێ هەڵکا ئەوە گومڕابووە.

وە لە چەندین ئایەتدا لە هۆکارەکانی پاشگەز بوونەوە و شیرك و کوفر ووریامان دەکات ، هەروەها زانایان ڕەحمەتی خوایان لێ بێ لە باسی حوکمی مورتەددا (هەڵگەڕاوە لە دین) باسیان کردووە کە موسڵمان بە چەندین هەڵەوەشێنەرەوە لە ئیسلام دەردەچێ و ئەوانە خوێن و ماڵی حەڵاڵ دەکەن ، وە ترسناك ترین و ئەوەی کە زۆر ڕوو بدات ، لەوانە ئەم دە (١٠) خاڵەن :

بە کورتی باسیان دەکەم لە گەڵ چەند ڕوون کردنەوەیەکدا لە کۆتاییاندا بۆ ئەوەی خۆت و خەڵکی تریش ووریایان بن بە مەبەستی توش نەبوون و ڕزگاربوون لێیان :

یەکەم : هاوبەش بۆ خوادانان لە پەرستندا ، خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ ﴿٤٨﴾﴾ [النساء].

واتە: خوای گەورە هەرگیز لەوە خۆش نابێ کە هاوبەشی بۆ بریار بدەی ، بەڵام لە هەموو تاوانێکی تر خۆش دەبێ بۆ هەر کەسێ کە خۆی بیوێ .

وە دەفـــــەرموێ : ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٍ ٧٢﴾ [المائدة] .

واتە : بێگومان هەرکەسێ هاوبەش بۆ خوا دابنێ خوا بەهەشتی لێ حەرام دەکات و جێگای هەمیشەیی دۆزەخ دەبێ ، موشریکەکان لەوێدا هیچ کەس نییە پاڵپشتیان بێ وسەریان بخات .

لەجۆرەکانی هاوبەش دانان بۆ خوا وەکو بانـــگ کردن و

داوا کردن لە مردووەکان و داوای کۆمەکی و نەزر و سەر برین بۆیان .

دووەم : هەر کەس لە نێوان خۆی و خوادا وایستە گەلێك

دابنێ و لێیان بپارێتەوە و داوای شەفاعەتیان لێ بکات و پشتیان پێ ببەستێ و ئەوە بە کۆڕای زانایان لە ئیسلام چووەتە دەرەوە .

سێ یەم : هەرکەسێ موشریکەکان بە کافر نەزانێ یان گومانی ببێ لە کافر بوونیان و ڕێبازەکەیان بە دروست بدات لە قەڵەم ئەوە کافر دەبێ .

چوارەم : هەرکەسێ باوەڕی وابێ کە ڕێبازی یەکێکی تر جگە لە ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ تەواو تری یان حوکمی یەکێکی تر لە حوکمی ئەو باشترە وەکو ئەوانەی حوکمی (**طاغوت**)ـەکان لە حوکمی پێغەمبەر ﷺ بەچاکتر دەزانن ئەوەش کافر دەبێ .

پێنجەم : هەرکەسێ ڕقی ببێ لە شتێك لەوەی پێغەمبەر ﷺ پێی هاتووە ئەگەر کردەوەشی پێ بکات ئەوە کافر بووە ، لەبەر ئەم ئایەتە : ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ كَرِهُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأَحۡبَطَ أَعۡمَٰلَهُمۡ ٩﴾ [محمد] .

واتە : کردەوەی کافرەکان پووچەڵ بووەتەوە لەبەر

ئەوی کە ڕقیان بووە لەوەی کە خوای گەورە دایبەزاندووە - قورئان بێ یان کتێبەکانی تر - بەو هۆیەوە کردەوەکانی پوچەڵ کردنەوە و لێی وەرنەگرتن.

شەشەم: هەر کەسێ گاڵتە بە شتێك لە ئاینی پێغەمبەر ﷺ یان لە پاداشت و تۆڵەی خوا بکات ئەوە کافر دەبێ ، بەڵگەش ئەم ئایتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿قُلۡ أَبِٱللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمۡ تَسۡتَهۡزِءُونَ ٦٥ لَا تَعۡتَذِرُواْ قَدۡ كَفَرۡتُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡۚ ٦٦﴾ [التوبة] .

واتە : ئایا گاڵتە و لاقرتێ بە خوا و ئایتەکانی و پێغەمبەرکەی ﷺ دەکەن ؟!! پاساو مەهێننەوە لە دوای ئەوەی باوەڕتان هێنابوو کافر بوونەوە .

حەوتەم : جادووگەر (**السحر**) وەکو دوور خستنەوە و لەیەک کردنی دڵی ژن و پیاو (**الصرف**)[1] ، وە نزیک کردنەوەی دڵی دوکەس و دروست کردنی خۆشەویستی لەنێوانیاندا (**العطف**)[2] .

هەرکەسێ جادوو گەری ئەنجام بدات یان پێی ڕازی بێت ئەوە کافر دەبێ ، بەڵگەش ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێ : ﴿وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ ﴿١٠٢﴾﴾ [البقرة] .

واتە: ئەو دوو فریشتەیەی کە خوا بۆ تاقی کردنەوەی خەڵک هێنابوونیە سەر زەوی هیچ کەسێکیان فێری جادوو نەدەکرد تا پێیان نەوتایە ئێمە لە لایەن خواوە نێردراوین جا خۆتان کافر مەکەن.

هەشتەم: پشتیوانی کردن و یارمەتی دانی موشریکەکان لە دژی موسڵمانان ، بەڵگەش ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێ :

﴿وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥١﴾﴾ [المائدة] .

---

(١) (**الصرف**) کارێکی جادووگەریە بەمەبەستی گۆڕانی دڵی ئینسان ئەنجام ئەدرێت لەوەی خۆشی دەوێت وەکو گۆڕینی کەسێک لە خۆشەویستی خێزانەکەیەوە بۆ ڕق لێ بوونی .

(٢) (**العطف**) کارێکی جادووگەریە بە مەبەستی خۆشەویست کردنی شت ئەنجام ئەدرێت کە خۆی خۆشی ناوێت بە چەندین ڕێگای ناشەرعی .

واتـە : هەرکەسێك پشتیوانی کـافران بکـات ئـەوە لـە گـەڵ ئـەوان حیسـابی بـۆ دەکرێت ، خوا هیدایەتی هۆزی کافران نادات .

نۆیەم: هەرکەسێ بیروباوەڕی وابـێ کەسـانێك هـەن مـەودایان هەیـە و ڕێیـان پێدراوە کە لە شەریعەتی ئیسلام دەر بچن و پەیڕوی نەکەن ئـەوە کـافر دەبێت ، لە بەر ئەم ئایەتە کـە دەفـەرموێ : ﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٨٥﴾ ﴾ [آل عمران] .

واتە : هەرکەسێ جگە لە ئیسلام ئاینێکی تر هەڵبژێرێت لێی وەرناگیرێت ، وە لە ڕۆژی دوایدا لە خەسارەتمەندانە .

دەیەم: پشت کردن لەئاینی خوابەجۆرێ نەفێر ببێ نەکاری پێ بکات بەڵگەش ئـەم ئایەتەیـە کـە دەفـەرموێ : ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِۦ ثُمَّ أَعْرَضَ عَنْهَآ ۚ إِنَّا مِنَ ٱلْمُجْرِمِينَ مُنتَقِمُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾ [السجدة] .

واتە : کێ هەیە لەو کەسە ستەمکار تـر بێت کـە ئایەتـەکانی خـوای بـۆ ڕوون بکرێتەوە لە پاش ئـەوەش پشـت هـەڵ بکـات بەڕاسـتی ئێمـە تۆڵـە لـە تاوانبـاران دەسێنێتەوە.

ئەم خاڵانە باسکران هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان کەسێکدا بە گاڵتـە بیـان کات یان بە ئەنقەست یان لە ترساندا تەنها کەسێك نەبێت کە زۆری لێ بکرێت .

ئـەم (١٠) دە خاڵـە زۆر مەترسـیان لێـدەکرێت و زۆریـش پوو دەدەن جـا پێویستە مرۆڤی موسـڵمان خـۆی لێیـان بپارێزێـت و ترسـی لـەوە هـەبێت نـەوەکو تێبکەوێت .

هەروەها ئەو کەسـەی بـاوەڕی وابـێ ئـەو ڕیسـا و یاسـایانەی دروسـت کـراوی دەسـتی مـرۆڤن لـە شـەریعەتی ئیسـلام باشـترە ئەمـەش دەچـێتە ژێـر خـاڵی چوارەمەوە ، یان بیروباوەری وابـێ ڕژێمی ئیسلام لە سەدەی بیستەمدا بـە کـەڵکی تەتبیق و پەیڕەو کردن نایەت ، یان ئیسلام هۆکار بووە لە دواکـەوتنی موسـڵمانان ، یان ئیسلام لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خوا دەرناچێ بۆ شتانی تر لە کاروبـاری ژیان ، هەروەها ئەو کەسەی باوەڕی وابـێ دەست بڕینی دز لە سزای دزی کردندا و ڕەجم کردنی پیاوی زیناکار و ژنـی زیناکـار کـەژن و مێردیـان هـەبـێ لـە گـەڵ ئـەم سەردەمەدا ناگونجـێ ، هەروەها هەر کەسـێ باوەڕی وابـێ کە حوکم کردن بـە جگـە لە شەریعەتی ئیسلام دروستە با باوەڕشی وانەبـێ کـە ئـەوە لـە ئیسـلام باشـترە ، چونکە لە بەر ئەوەی حوکم کردن بە جگە لە ئیسلام بە دروست دەزانـێ ، کـەوابوو حەرامێك کە کۆڕای زانایانی لە سەرە حەڵاڵی کردووە کەوابوو هەر کەسـێ حەرامێك (کە لـە ئیسـلامدا زانراوبـێ) حـەڵاڵ بکـات وەکـو زینـا و خواردنـەوەی مەشـروب و حوکم کردن بە غەیری ئیسلام ئەوە کـافرە بـە کـۆڕای موسـڵمانان ، پـەنا بـە خـوا دەگرین لەو شتانەی دەبنە مایەی تورە بـوونی خـوا ، وە پـەنای پـێ دەگـرین لـە سزای سەختی .

وصلى الله على خير خلقه محمد وعلى آله وصحبه وسلم[1].

﴿خوێنەری بەڕێز : ئەگەر پرسیارێك یان پێشنیارێك یان تێبینییەکت هەبوو سەبارەت بەم بابەتە ، ئەوا پەیوەندی بکە بەم ژمارەیەوە: (٠٧٧٠١٥٨٠٥٢٢)﴾.

وەرگێڕ :
مامۆستا خەلیل ئەحمەد
کەلار

---

[1] ئامۆژگاری خوێنەران دەکەین کەوا کتێبخانەکانیان دەوڵەند و بەهرەمەند بکەن بەم کتێبانە :

١ ـ گۆڤاری ڕێگای ڕاست ، (کە تا ژمارە پانزەی دەرچووە) .

٢ ـ زنجیرەی ڕێنماییەکانی ڕێگای ڕاست ، (کە تا ژمارە شەستی لـی دەرچووە) .

٣ ـ زنجیرەی بیروباوەڕی کۆمەڵێ ڕزگار بوو و سەرکەوتوو ، (کە تا ژمارە سێی لـێ دەرچووە) .

٤ ـ زنجیرەی ئافرەت لە سایەی ئیسلامدا ، (کە تا ژمارە سێی لـێ دەرچووە) .

٥ ـ زنجیرەی ئیسلام و لاوان ، (کە سێ ژمارەی لـێ دەرچووە) .

هەروەها چاوەڕوانی ژمارەکانی تری ئەم زنجیرەیە بن (زنجیرەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە) ـ لە ئامادە کردنی **مامۆستا خەلیل ئەحمەد** ـ کە بریتییە لەم کتێبانەی خوارەوە :

١ ـ بیروباوەڕی ڕاستەقینە و دژەکانی ... نووسینی / شێخ ابن باز ... وەرگێڕان .

٢ ـ یەکخواپەرستی ... نووسینی / شێخ محمد عبدالوهاب ... شەرح .

٣ ـ لابردنی شوبهەکان ... نووسینی / شێخ محمد عبدالوهاب ... وەرگێڕان و لێکدانەوە ـ چاپ کراوە ـ .

٤ ـ عەقیدەی واسطی ... نووسینی / شێخی ئیسلام ابن تیمیة ... شەرح و وەرگێڕان .

٥ ـ عەقیدەی طحاوية ... نووسینی / الطحاوي ... شەرح .

٦ ـ الإبانة عن أصول الديانة ... نووسینی / أبو الحسن الأشعري .